هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٩٥) لە ٢٠٢١/٤/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٤) لە ٢٠٢١/٤/٧، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی جێبەجێکاری بۆ یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢١ بە سەرۆکایەتی بەڕێز (وەزیری دارایی و ئابووری) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بەڕێز وەزیری پلاندانان.

٢. بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان.

٣. بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی.

٤. بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی پێویست دەکات لەگەڵ لیژنەکە، سەرەڕای ئەرکەکانی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان هاتوو لە یاسای بودجەی عێراق فیدراڵ بە هەماهەنگیی دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی بۆ هەردوو بابەتی تەسویەکردنی شایستە داراییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان هاتوو لە بڕگەی (دووەم/ د) لە ماددەی (١١)ی یاساکە، و بڕگەی (دووەم/ ج) لە هەمان ماددە تایبەت بە وردبینیکردنی زانیاریەکانی پەیوەندیدار بە داهاتە نانەوتییەکان لە چوارچێوەی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی بە ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩.

**دووەم:** لیژنەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە شێوەیەکی دەوری لە ڕێگەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە ڕاپۆرتێکی تایبەت ئەنجومەنی وەزیران ئاگادار دەکاتەوە لە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە لەگەڵ خستنەڕووی پێشنیار و سەرنجەکانیان.

**سێیەم:** ڕاسپاردنی هەریەک لەو بەڕێزانەی لیژنەی جێبەجێکاری کە لە نزیکترین دەرفەتدا نووسراوی فەرمی ئاراستەی وەزیرە هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵی بکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری نووسراوێک ئاراستەی وەزارەتی دارایی فیدراڵی بکات بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

أ- بەشداریکردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە داڕشتنی ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٢١ بەتایبەتیش بۆ ئەو ماددە و بڕگانەی کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستان.

ب- داواکردنی خەرجکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مانگەکانی (کانونی دووەم، شوبات، ئادار)ی ساڵی ٢٠٢١ چونکە یاسای بودجە لە ڕۆژی ٢٠٢١/١/١ کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و وەزارەتی دارایی فیدراڵی بە پێچەوانەی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی هیچ بڕە پارەیەکی بۆ هەرێمی کوردستان خەرج نەکردووە.

ج- ڕێککەوتن لەسەر میکانیزمی دیاریکردنی داهاتی نانەوتی بەتایبەتی داهاتی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم و ئەو ڕێژەی ٥٠%ی بەپێی برگەی (دووەم) لە ماددەی (١٩) لە یاسای بودجەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە ئەو دەروازانەیان تیادایە بە مەبەستی تەرخانکردنەوەی بۆ خزمەتگوزاریی پارێزگاکان و پرۆژەکان و ئاوەدانکردنەوەی خودی دەروازەکان.

د- میکانیزمی دیاریکردنی بەرکەوتەی مانگانەی تەسویەکردنی ڕەسیدی بانکی عێراق بۆ بازرگانی لەلای بانکەکانی هەرێمی کوردستان کە لە برگەی دووەم/ د) لە مادەی (١١) لە یاساکە ئاماژەی پێدراوە.

هـ- دەستنیشانکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بودجەی عێراقی فیدراڵی بەپێی خشتەکانی هاوپێچی یاساکە وەک لە برگەی (دووەم/ ه) لە ماددەی (دووەم)ی یاساکە جەختی لەسەر کراوە.

٢. بەڕێز وەزیری پلاندانان: نووسراو ئاڕاستەی وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵی بکات تایبەت بە شایستە داراییەکانی هەرێم پەیوەندیدار بە پرۆژەکانی سەرمایەداری (النفقات الرأسمالية).

٣. بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان نووسراو ئاڕاستەی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ بکات بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی میکانیزمی دیاریکردنی نرخی (سۆمۆ) بۆ ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و خەرجییەکانی (بەرهەمهێنان، بەکارخستن، گواستنەوە) و بەکاربردنی ناوخۆیی و تەرخانکراوەکانی پترۆدۆلار.

٤. بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری عێراقی فیدراڵ بکات بۆ مەبەستەکانی هاتوو لە ماددەی (١١)ی یاساکە.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر سەرجەم وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت هاوکاری و هەماهەنگی لیژنەی پێکهاتوو بەپێی ئەم بڕیارە بکەن.

**پێنجەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران